






حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی پلاندانان
دەستەی ئاماری هەرێم


# راپۆرتی رووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان 2014





بەشی دانیشتوان و هێزی کار

کانونی یەکەم 2015

© 2015

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە

وەزارەتی پلاندانان / دەستەی ئاماری هەرێم

لەکاتی بەکارهێنانی زانیاریەکانی ئەم ڕاپۆرتەتکایە ئاماژەی پێبکە بەم شێوەیەی کە لە خوارەوە پێشنیار کراوە:

بەشی ئاماری دانیشتوان و هێزی کار (2015) *ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان 2014*، هەرێمی کوردستان: دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بە:

ناونیشانی سایتی ئەلیکترۆنی www.krso.gov.krd

تەلەفون: 662559170 (0)964+

ئیمەیل: contact@krso.gov.krd

زنجیرە 42

## ڕێز و سوپاس

دەستەی ئاماری هەرێم ڕێز و سوپاس پێشکەشی هەموو ئەو خێزانانە دەکات کە بەشداریان کردووە لەم ڕووپێوەدا و بە پێدانی زانیاریی بوونەتە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنی ئەم ڕووپێوە.

هەروەها سوپاسی خۆی پێشکەش دەکات بەو کارمەندانەی دەستەی ئاماری هەرێم و بەڕێوەبەرایەتییەکانی سەر بە دەستەی ئامار لە پارێزگا و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان و کەسانی دەرەوەی دەستەی ئاماری هەرێم کە لە قۆناغەکانی ئەم ڕووپێوەدا ئەرکێکیان و پشکێکیان هەبووە و بە جۆرێك لە جۆرەکان هاوکار و هۆکار بوونە بۆ بە ئەنجام گەیشتنی ڕووپێوەکە و بەرهەمهاتنی ئەم ڕاپۆرتە. بە تایبەت ئەو کەسانەی کە زۆر بە بایەخەوە کارەکانیان جێ بەجێ کردووە و ئەرکەکانیان بە ڕێك و پێکی و بە ئەمەکەوە ڕاپەراندووە.

## تیمی کار

سوپاسێکی تایبەتی ئەو تیمانەش دەکرێت کە لە گشت قۆناغەکانی ئەم ڕووپێوەدا ئەرکێکی قورستر و زیاتریان لە ئەستۆ بووە بریتین لە:

- سەرپەرشتی کردنی ڕووپێو لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار

  بەڕێز سامان عزالدین رشید/ بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای هەولێر

  بەڕێز محمود عوسمان/ بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای سلێمانی

  بەڕێز چیاڤان عبدالرزاق سلیمان/ بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای دهۆك

  بەڕێز حیدر شمس الدین جیهانگیر/ بەڕێوەبەری ئاماری ئیدارەی گەرمیان

  بەڕێز حیدر محمود خدر/ بەڕێوەبەری ئاماری سۆران

- لیژنەی تەکنیکی

  فاطمە عمر علی/ سەرپەرشتیاری ڕووپێو لە هەرێمی کوردستان- دەستەی ئاماری هەرێم

  صابر یاسین صالح/ سەرپەرشتیاری ڕووپێو لە پارێزگای دهۆك- بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری پارێزگای دهۆك

  سۆران غفور سلیم / سەرپەرشتیاری ڕووپێو لە پارێزگای سلێمانی- بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری پارێزگای سلێمانی

  دلزار عارف جەرجیس/ سەرپەرشتیاری ڕووپێو لە پارێزگای هەولێر- بەڕێوەبەرایەتیی ئاماری پارێزگای هەولێر

- لیژنەی دانانی بەرنامەی داگرتنی داتا و خاوێن کردنەوەی داتاکان لە دەستەی ئاماری هەرێم

  رقیب بهاءالدین محمد

  سوران بەختیار نوری

  ڕێژین مامەند حمد

- شیکردنەوەی داتاکان و ئامادەکردن و داڕشتنی ڕاپۆرت

  گوهدار محمدعلی سعید

  نعیمە اکرم جبار

# پێشکەشکردن

سێیەم راپۆرتی هێزی کار بۆ سالٚی 2014 دەخرێتە بەردەست، دوای ئەوەی توانرا راپۆرتەکانی یەکەم و دووەم لە سالآنی 2012 و 2013 دەربکرێن.

بارودۆخی سالٚی 2014 جیاوازتر بوو لە سالآنی رابردوو چونکە لەو سالٚەدا کێشەکانی دارایی لەبەر نەبوونی بودجە و هاتنی بەلێشاوی ئاوارەکان زیاتر بوون. لەم سالٚەدا ڕێژەی بێکاری 0.03 % زیادی کردووە بە بەراوورد لەگەلٚ 2013، بەلاٚم پێویستە چاودێری سالٚی 2015 بکرێ ڕێژەکە زیاتر بێ لەبەر بەردەوام بوونی ئەو هۆکارانەی باس کراون لەسەرەوە.

لەلایەکی ترەوە، پێویستە ئاماژە بدرێ بە گرنگی ئەو راپۆرتە لە رووی ئابووریەوە چونکە نیشاندەرەکانی وا ڕێکخراون کە دەکرێ شیکردنەوەی ئابووری لەسەر بکرێ بۆ زانینی ڕێژەی بەشداری نێر و مێ لە کەرتەکانی کارکردن و گرووپەکانی تەمەنیان لەگەلٚ زانینی بێکاری لەناو گەنجان و خاوەن بڕوانامەی خوێندن.

هەروەها ئاگادار بوون لە ئاستی داهاتی خەلٚکی هەرێمی کوردستان ئەتوانێت رۆل و کاریگەرییەکی تایبەت و گرنگی هەبێت لەسەر پلانەکانی حکومەت بۆ بەهێزتر کردنی بناغەی ئابووری لە کەرتی تایبەت و زانین و هەولٚدان بۆ باشتر کردنی بژێوی فەرمانبەران لە کەرتی حکومی.

**د. علی سندی**

**وەزیری پلان دانان**

# پێڕست

**بابەت** **لاپەڕە**

**ڕێز و سوپاس** ........................................ i

**پێشکەشکردن** ........................................ ii

**لیستی چارتەکان** ........................................ v

**لیستی خشتەکان** ........................................ vi

**پوختە** ........................................ x

**پێشەکی** ........................................ 1

**ئامانجەکانی ڕووپێو** ........................................ 2

**سوودەکانی ڕووپێو** ........................................ 3

**دەروازەی یەکەم (ئەنجامە سەرەتاییەکان)**

1-1 ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار ........................................ 4
2-1 پەیوەندی بە هێزی کار ........................................ 6
3-1 ئاستی خوێندن ........................................ 7
4-1 جۆری کارکردنی کەسانی کارکەر ........................................ 8
5-1 کەرتی کار ........................................ 8
6-1 داهاتی مانگانە ........................................ 10
7-1 کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتانە ........................................ 11

**دەروازەی دووەم (میتودۆلۆجی و کوالّیتی)**

1-2 پرسیارنامە ........................................ 13
1-1-2 زانیارییەکانی پێناسەکردن ........................................ 13
2-1-2 تۆماری خێزان ........................................ 13
3-1-2 دۆخی کار ........................................ 13
4-1-2 کۆنترۆڵی جۆری ........................................ 13
2-2 چوارچێوە و نموونە ........................................ 14
1-2-2 گشتگیربوون (کۆمەڵگای لێکۆڵینەوە) ........................................ 14
2-2-2 چوارچێوەی نموونە ........................................ 14
3-2-2 قەبارەی نموونە ........................................ 14
4-2-2 دانانی نموونە ........................................ 14

5-2-2 سوڕانەوەکانی نموونەی ڕووپێو ........ 15
2–3 ئەژمارکردنی کێشەکان ........ 15
2–4 کاری مەیدانی ........ 15
2-4-1 ڕاهێنان و دەست نیشانکردن ........ 15
2-4-2 هێماندن (تەرمیز) ........ 16
2–5 داگرتن و چارەکردنی داتاکان ........ 16
2-5-1 داگرتنی داتاکان ........ 16
2-5-2 چارەکردنی داتاکان ........ 16
2–6 کوالێتی داتاکان ........ 17
2–7 ووردبوونی داتاکان ........ 17
2-7-1 هەڵەی ئاماری ........ 17
2-7-2 هەڵەی نائاماری ........ 17
2-7-3 ڕێژەی وەلامدانەوە ........ 18
2–8 توانای بەراوردکاری ........ 19
2–9 کۆنترۆڵی جۆری ........ 19

**دەروازەی سێیەم (چەمك و پێناسە گرنگەکان)** ........ 20

**هاوپێچی یەکەم: خشتەکان** ........ 25

**هاوپێچی دووەم: پرسیارنامە** ........ 100

# لیستی چارتەکان


- چارتی (1) ڕێژەی سەدیی بەشداری کردن لە هێزی کاربۆ کەسانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر بە پێی ڕەگەز................................................................................... 4
- چارتی (2) ڕێژەی سەددی بەشداری کردن لە هێزی کار بە پێی ڕەگەز و گرووپی تەمەنی دیاریکراو - 2014 ............................................................................. 5
- چارتی (3) ڕێژەی سەددی بەشداری کردن لە هێزی کار بە پێی ڕەگەز و پارێزگا- 2014.......5
- چارتی (4) دابەشبوونی کەسانی بەشدار لە هێزی کار بە پێی جۆری پەیوەندیان بە هێزی کار و پارێزگا - 2014............................................................................... 7
- چارتی (5) دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك لە هەرێمی کوردستان بە پێی بڕنامەی خوێندن - 2014 .................................................................................................. 8
- چارتی (6) ڕێژەی کارمەندان لە کەرتی حکومی بە پێی ڕەگەز – 2014 ...................... 9
- چارتی (7) ڕێژەی بەشداریکردنی پیاوان و ئافرەتان بە پێی کەرتەکانی کارکردن- 2014 .... 9
- چارتی (8) دابەشبوونی کەسانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر بە پێی کەرتی کار- 2014 .................................................................................................. 9
- چارتی (9) دابەشبوونی کەسانی کارکەر بە پێی گرووپەکانی داهاتی مانگانە- 2014..........10
- چارتی (10) دابەشبوونی کەسانی کارکەر لە کەرتی حکومی بەپێی گرووپەکانی داهاتی مانگانە- 2014 ............................................................................................ 11
- چارتی (11) دابەشبوونی کەسانی کارکەر بە پێی کاتژمێرەکانی کارکردن لە یەك هەفتەدا- 2014 ............................................................................................ 12

# لیستی خشتەکان


- خشتەی 1- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن و پەیوەندی بە هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014................ 26
- خشتەی 2- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن و پەیوەندی بە هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014............... 27
- خشتەی 3- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن و پەیوەندی بە هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014................ 28
- خشتەی 4- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی ڕەگەز، گرووپی تەمەن و پەیوەندی بە هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014................ 29
- خشتەی 5- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن و پەیوەندی بە هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014............... 30
- خشتەی 6- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن و پەیوەندی بە هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014............... 31
- خشتەی 7- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن و پەیوەندی بە هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014............... 32
- خشتەی 8- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن و پەیوەندی بە هێزی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014............... 33
- خشتەی 9- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، دۆخی چالاك بوون و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014............................. 34
- خشتەی 10- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی قەزا، دۆخی چالاك بوون و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014................................. 35
- خشتەی 11- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی قەزا، دۆخی چالاك بوون و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014 ............................... 36
- خشتەی 12- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی قەزا، دۆخی چالاك بوون و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014................................. 37
- خشتەی 13- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، پەیوەندی بەهێزی کار و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014.......................... 38

- خشتەی 14- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی قەزا، پەیوەندی بەهێزی کار و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014............................ 39
- خشتەی 15- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی قەزا، پەیوەندی بەهێزی کار و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014............................ 40
- خشتەی 16- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی قەزا، پەیوەندی بەهێزی کار و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014............................ 42
- خشتەی 17- دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك (بەشدار لە هێزی کار)ی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز، باری هاوسەرگیری و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014........................................................................................... 43
- خشتەی 18- دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك (بەشدار لە هێزی کار)ی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی ڕەگەز، باری هاوسەرگیری و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014........................................................................................... 44
- خشتەی 19- دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك (بەشدار لە هێزی کار)ی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی ڕەگەز، باری هاوسەرگیری و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014........................................................................................... 45
- خشتەی 20- دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك (بەشدار لە هێزی کار)ی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی ڕەگەز، باری هاوسەرگیری و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014........................................................................................... 46
- خشتەی 21- دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك (بەشدار لە هێزی کار)ی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014........................................................................................... 47
- خشتەی 22- دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك (بەشدار لە هێزی کار)ی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی - 2014........................................................................................... 48
- خشتەی 23- دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك (بەشدار لە هێزی کار)ی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی ڕەگەز، ئاستی خوێندن و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014........................................................................................... 49

- خشتەی 24- دابەشبوونی دانیشتوانی چالاك (بەشدار لە هێزی کار)ی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی رەگەز، ئاستی خوێندن و گرووپی تەمەن؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014........................................................................................ 50
- خشتەی 25- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە پێی رەگەز و جۆری کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014.............................. 51
- خشتەی 26- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای هەولێر بە پێی رەگەز، قەزا و جۆری کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014............................................ 52
- خشتەی 27- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای سلێمانی بە پێی رەگەز، قەزا و جۆری کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014............................................ 55
- خشتەی 28- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری پارێزگای دهۆك بە پێی رەگەز، قەزا و جۆری کار؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014............................................ 61
- خشتەی 29- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی رەگەز، هۆکاری ئامادەنەبوون لە کار لە ماوەی هەفتەی بەر لە چاوپێکەوتن و پارێزگا؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014............................................................................ 64
- خشتەی 30- دابەشبوونی دانیشتوانی بێکاری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، ئاستی خوێندن و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014......................... 66
- خشتەی 31- دابەشبوونی دانیشتوانی بێکاری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، گرووپی تەمەن و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014........................... 67
- خشتەی 32- دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، شێوازی گەڕان بە دوای کار و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014..................... 69
- خشتەی 33- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، شوێنی کارکردن و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014......................... 73
- خشتەی 34- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، چالاکیی سەرەکیی شوێنی کارکردن و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014... 75
- خشتەی 35- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، کەرتی کار و رەگەز؛ ژمارە و رێژەی سەدی- 2014.............................. 79

- خشتەی 36- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، کاری سەرەکی و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014........................... 81
- خشتەی 37- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، جۆری ماوەی کار و ڕەگەز؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014....................... 83
- خشتەی 38- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، گرووپی داهاتی مانگانە و کەرتی کار؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014........... 85
- خشتەی 39- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، گرووپی داهات و ئاستی خوێندن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014................ 89
- خشتەی 40- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، کاتژمێرەکانی کارکردن لە هەفتەیەکدا و ئاستی خوێندن؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014........................................................................................ 93
- خشتەی 41- دابەشبوونی داهاتی مانگانەی کەسانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی پارێزگا، گرووپی داهاتی و کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتانە؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014............................................................................ 95
- خشتەی 42- دابەشبوونی دانیشتوانی کارکەری تەمەن 15 ساڵان و سەرووتری هەرێمی کوردستان بە پێی ڕەگەز، هۆکاری سەرەکی داواکردنی کاری زێدەکی و پارێزگا؛ ژمارە و ڕێژەی سەدی- 2014 ........................................................................................ 99

# پوختە

لە هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2014 كۆی ڕێژەی بەشداربووان لە هێزی كار 39.25% بوو، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی 2013 و 2012 جیاوازییەكی ئەو تۆی نییە. بەشداریكردنی ئەوكەسانەی كە لە هێزكارن و لە گروپی تەمەنی 34 - 25 ساڵانن بەرزترین ڕێژەی هەیە بە بەراورد لەگەڵ گروپەكانی تر و ڕێژەكەی دەكاتە 55.35%.

بە پێی ئەنجامەكانی ئەم ڕووپێوە، لە ساڵی 2014 ڕێژەی بێكاری لە هەرێمی كوردستان 6.53% بووە و بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2012 ڕێژەكەی دابەزینی بەخۆیەوە دیوە.

لەم ڕووپێوەدا دابەش بوونی بەشداربووان لە هێزی كار بەپێی بڕوانامەی خوێندن دیاریكراوە. ئەوانەی ئاستی بڕوانامەیان پەیمانگە و سەرووترە و بێكارن ڕێژەكەیان 12.41% ە. لە بەشێكی تری ڕاپۆرتەكەدا، ڕێژەی كەسانی كاركەر بەپێی جۆری كاركردن ڕوونكراوەتەوە و ژمارەكان وا دەردەخەن كە 5.94% خاوەن كاری خۆیانن.

جێگەی سەرنج پێدانە زیاتر لە نیوەی كەسانی كاركەر لە كەرتی حكومی كاردەكەن بە بەراورد لەگەڵ كەرتەكانی تری كار. هەروەها گروپی داهاتی كەسانی كاركەر كە داهاتیان لە گروپی 500,000 - كەمتر لە 750,000 دیناری عێراقییە بەرزترین ڕێژەی تۆمار كردووە و بریتییە لە 35.78%. هەر هەمان گروپی داهاتی ئاماژە پێكراو لە سەرەوە، لە كەرتی حكومیشدا بە هەمان شێوە بەرزترین ڕێژەی تۆمار كردووە و بریتییە لە 33.98%. كاتژمێرەكانی كاركردن یەكێكە لە نیشاندەرە گرنگەكان و بەكار دێت بۆ دیاریكردن و جیا كردنەوەی كەسانی كاركەری تەواو و كاركەری نیوەچڵ. ئەو كاركەرانەی كاتەكانی كاركردنیان دەكەوێتە نێوان 35 - كەمتر لە 45 كاتژمێر لە یەك هەفتەدا بەرزترین ئاستیان تۆمار كردووە لە ڕووی كاتەكانی كاركردنی هەفتانەدا و 44.15% كەسانی كاركەر پێكدەهێنن.

# پێشەکی

دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2012 ەوە بڕیاری داوە ساڵی دووجار ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان ئەنجام بدات و بە پشت بەستن بە توانای زانستی و مەیدانیی کارمەندەکانی دیوانی دەستە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار لە پارێزگا و ئیدارەکانی هەرێمی کوردستان بۆ سێیەم ساڵی لەسەر یەك بەردەوام و سەرکەوتوو بووە لە ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکە گرنگە و هەروەها بە بایەخەوە دەڕوانێتە بەردەوامیدانی لە ساڵانی داهاتوودا.

ڕاپۆرتی هێزی کار لە ساڵی 2014 دەبێتە سێیەمین ڕاپۆرتی دوای یەکی تایبەت بە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان. ئەم ڕاپۆرتە بە شێوازێکی جیاوازتر و تا ڕادەیەك فراوانتر لە ڕاپۆرتەکانی پێشووتر ئامادە کراوە و هەوڵ دەدرێت بۆ ڕاپۆرتەکانی داهاتووش بە هەمان شێوە شتی نوێتر و ووردتر بخرێتە ڕوو. دەستەی ئاماری هەرێم هەوڵ دەدات ڕاپۆرتێکی بەراوردکاری بۆ سێ ڕووپێوی ڕابردووی هێزی کار ئامادە بکات و دەست نیشانی ئەو هۆکار و ڕەگەزانە بکات کە کاریگەرییان هەیە لەسەر هەڵبەز و دابەزی بازاڕی کار و لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی کاریگەرییەکانیشیان بخاتە ڕوو بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونییەکی باشتر هەبێت لە چۆنیەتی هەڵسوکەوتی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان.

ڕووپێوی هێزی کار کە یەکێکە لە گرنگترین ڕووپێوە ئامارییەکان، تایبەتمەندیی خۆی هەیە لە بواری دارشتن یاخود چاکسازی کردن لە بواری سیاسەتی ئابووریی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ڕەخساندنی هەڵی نوێی کار کردن، گونجاندنی پێداویستییەکانی بازاڕی کار لە گەڵ دۆخی ئابووریی ووڵات، درووست کردنی پەیوەندییەکی زانستییانە لە نێوان پێداویستییەکانی بازاڕی کار و دەرچووانی هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا، ڕێکخستنەوەی پێداویستییە زانستی و مرۆڤییەکانی کەرتی حکومی، درووست کردنی باڵانس لە نێوان خەرجی و داهات، هتد.

ئەو نیشاندەرانەی کە لەم ڕاپۆرتە خراونەتە ڕوو بریتین لە دابەشبوونی کەسەکان بە پێی دۆخی چالاکبوون لە ڕووی ئابوورییەوە، کارکردن، بێکاری، دابەشبوونی کەسانی کارکەر بە پێی داهات، دابەشبوونی کاسانی کارکەر بە پێی ئاستی خوێندن، دابەشبوونی کەسانی کارکەر بە پێی کاتژمێرەکانی کارکردن، دابەشبوونی کەسانی کارکەر بە پێی کەرتی کار، دابەشبوونی کەسانی کارکەر بە پێی جۆری چالاکیی ئابووری، دابەشبوونی کەسانی بێکار بە پێی ئاستی خوێندن، دابەشبوونی کەسانی بێکار بە پێی تەمەن، دابەشبوونی کەسانی بێکار بە پێی ڕەگەز، هتد.

دەستەی ئاماری هەرێم پێی وایە سەرکەوتوو بووە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکی خۆی لە جێ بەجێ کردنی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کوردستان و هیواخوازیشە کە لە ئاست ماندوو بوونی کارمەندەکانی، بۆ باشتر کردنی بارودۆخی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان سوود لە ڕاپۆرتی هێزی کار و نیشاندەرەکانی وەربگیرێن، چ لە لایەن حکومەت و ڕێکخراوەکانەوە یان لە لایەن توێژەرە زانستییەکانەوە.

سیروان محمد محی الدین

سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان

# ئامانجەكانی ڕووپێوی هێزی كار

ڕووپێوی هێزی كار ڕووپێوێكی بەردەوامە كە ساڵانە و لە هەر ساڵێكیشدا بە دوو قۆناغی جیاواز ئەنجام دەدرێت. لەم ڕووپێوەدا هەوڵەكان ئاراستە دەكرێن بۆ گەیشتن بەم ئامانجانەی خوارەوە:

- ✓ زانینی چۆنیەتی دابەشبوونی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان بە پێی چالاك بوونیان لە ڕووی ئابوورییەوە
- ✓ زانینی قەبارەی هێزی كار لە هەرێمی كوردستان و چۆنیەتی دابەش بوونی بەسەر پارێزگاكاندا
- ✓ هەژماركردنی تێكڕای بەشداریكردن لە چالاكیی ئابووری بە ڕەچاو كردنی تایبەتمەندییە جیاوازەكان
- ✓ هەژماركردنی تێكڕای بێكاری بە پێی تایبەتمەندییە جیاوازەكانی كەسانی بێكار لە ڕووی شوێنی جوگرافی، بڕوانامە، تەمەن، ڕەگەز، هتد.
- ✓ هەژماركردنی تێكڕای كەسانی كاركەر و پۆلین كردنیان بە پێی تایبەتمەندییە جیاوازەكانیان لە ڕووی شوێنی جوگرافی، بڕوانامە، ڕەگەز، كەرتی كار، هتد.
- ✓ هەژماركردنی تێكڕای كەسانی كاركەر بە پێی كاتژمێرەكانی كاركردن لە یەك هەفتەدا و تایبەتمەندییەكانی وەك شوێنی جوگرافی، ئاستی خوێندن، ڕەگەز، هتد.
- ✓ هەژماركردنی تێكڕای كەسانی كاركەر بە پێی داهات و تایبەتمەندییەكانی تری وەكو شوێنی جوگرافی، بڕوانامەی خوێندن، ڕەگەز، هتد.

# سوودەکانی ڕووپێو

دەکرێت گرنگترین سوودەکانی ڕووپێوی هێزی کار و سەرخستنی ڕووپێوەکە بە پێی پلانی بۆ دارێژراو و پەیڕەو کردنی ڕێساکانی تایبەت بە ڕووپێوەکان بە گشتی و ڕووپێوی هێزی کار بە تایبەتی و لە ئەنجامیشدا بەدەست خستنی ئەو ئەنجامانەی بۆ ڕووپێوەکە دیاریکراون، لەم چەند خاڵەی خوارەوە چڕ بکرێنەوە:

- دەستەبەر کردنی بناغەیەکی بە هێز بۆ دەست نیشان کردنی ئەو هۆکارانەی ڕێخۆشکەری دروست بوون یان بەرز بوونی ئاستی بێکارین لە هەرێمی کوردستان، بۆ سوود وەرگرتنی لایەنە حکومی و ناحکومییە پەیوەندیدارەکان.
- چاودێری کردنی ساڵانەی گۆڕانکارییەکانی دۆخی هێزی کار.
- یارمەتیدانی کەسانی بڕیار بەدەست بۆ دانانی پلانی گونجاوی ڕەخساندنی هەلی کار، پلانی کورت خایەن یان درێژ خایەن، بە پێی تایبەتمەندییەکانی کەسانی بێکار وەك بڕوانامە، ڕەگەز، شوێنی جوگرافی، لێهاتوویی و شارەزایی، هتد.
- دەستەبەر کردنی پاڵپشتیی زانستی بۆ درووست کردنی هاوسەنگی لە نێوان بازاری کار و بڕوانامەی زانستی دەرچووانی ناوەندە زانستییەکان.
- دەست نیشان کردنی حالەتەکانی کارکردنی نیوەچڵی و یارمەتیدانی بڕیار بەدەستەکان بۆ چارەسەر کردنیان.
- دەست نیشان کردنی جیاوازییەکانی داهات لە نێوان چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگە و هەوڵدان بۆ کەم کردنەوەی ئەو جیاوازییانە بۆ ئاستێکی شیاو و گونجاو بۆ گشت لایەنەکان.
- دەست نیشانکردنی حاڵەتەکانی هەبوونی کاری دووەم یان سێیەم و بەراورد کردنی کاتژمێرەکانی کار کردن لە گەڵ ستاندەری جیهانی و دۆزینەوەی هۆکارەکانی بوونی جیاوازی لە نێوانیان و چارەسەر کردنیان بۆ ئەوەی یارمەتیدەری کەسانی بڕیار بەدەست بێت بۆ دارشتنی پلانی شیاو بۆ باشتر کردنی باری ژیانی خەڵك.

# دەروازەی یەکەم

## ئەنجامە سەرەتاییەکان

### 1-1 ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار

ئەنجامەکانی ڕووپێوی هێزی کاری ساڵی 2014 دەریان خستووە کە ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار لە هەرێمی کوردستان گەیشتۆتە 39.25%، بە بەراورد لە گەڵ ئەنجامەکانی ساڵی 2013 کە بریتی بوو لە 39.8% و لە ساڵی 2012 کە 38.4% بووە. هەروەها، ئەنجامەکان ئەوەیان نیشانداوە کە لە ساڵی 2014 دا ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار لە ناو ڕەگەزی نێر 65.91% بووە، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2013 کە 67.1% بووە و ساڵی 2012 کە بریتی بووە لە 65.8%. لە ساڵی 2014 ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار لە ناو ڕەگەزی مێ 13.13% بووە لە کاتێکدا کە لە ساڵی 2013 ئەم ڕێژەیە 12.7% بووە و لە ساڵی 2012 ڕێژەکە 12.1% بووە. بڕوانە خشتەی 1.




لە لایەکی ترەوە، ئەنجامەکان دەریان خستووە کە، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، بەرزترین ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار دەگەڕێتەوە بۆ گروپی تەمەنی 25-34 ساڵ کە 55.35% بووە بە گشتی. بەڵام هەر لەم گروپەی تەمەندا ڕەگەزی نێر 89.96% و ڕەگەزی مێ 21.93% بەشدارییان لە هێزی کاردا هەبووە. دوای ئەویش گروپی تەمەنی 35-44 ساڵ بە پلەی دووەم دێت کە ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار لەم گروپەدا 54.80% بووە. لەم گروپەی تەمەندا ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار بۆ ڕەگەزی نێر 94.09% بووە و بۆ ڕەگەزی مێ 17.40% . ڕەنگە گرنگ بێت کە ئاماژە بە ڕێژەی بەشداری کردن لە گروپی تەمەنی 15-24 ساڵ و هەروەها تەمەنی 65 ساڵ و سەرووتریش بکەین. لە گروپی تەمەنی 15-24 ساڵ، ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار بۆ هەر دوو ڕەگەز 21.51% ە و هەروەها ڕێژەکە بۆ ڕەگەزی نێر 34.84% و بۆ ڕەگەزی مێ 7.16%

بووە. ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار بۆ کەسانی تەمەن 65 ساڵ و سەرووتر 8.18% بووە و ڕێژەکە بۆ پیاوان 16.40% و بۆ ئافرەتانیش 0.67% بووە. بڕوانە خشتەی 1.




لەسەر ئاستی پارێزگادا، ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە، بە شێوەیەکی گشتی، ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کاری ساڵی 2014 لە ناو کەسانی تەمەن 15 ساڵان و سەرووتر دا لە پارێزگای هەولێر 39.57% بووە. ئەم ڕێژەیە بۆ ڕەگەزی نێر 68.02% و بۆ ڕەگەزی مێ 11.67% بووە (بڕوانە خشتەی 2). هەر ئەم ڕێژەیە لە پارێزگای سلێمانی بە گشتی 41.89% بووە و بۆ رگەزی نێر 67.28% و بۆ ڕەگەزی مێ 17.22% بووە (بڕوانە خشتەی 3). لە کۆتاییدا، ڕێژەی بەشداری کردن لە هێزی کار لە پارێزگای دهۆك بە گشتی 34.67% بووە و بۆ ڕەگەزی نێر 60.67% و 8.94% یش بۆ رگەزی مێ بووە (بڕوانە خشتەی 4).



### 2-1 پەیوەندی بە هێزی کار

بە پێی ئەنجامەکانی ڕووپێوی کاروبێکاری، لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2014 دا بێکاری ڕێژەی 6.53% ی تۆمار کردووە. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە ساڵی 2013 ئەم ڕێژەیە 6.5% و لە ساڵی 2012 ڕێژەکە 7.9% بووە. ڕێژەی بێکاری لە ناو پیاواندا 3.87% و لە ناو ئافرەتانیشدا 19.63% تۆمار کراوە لە ساڵی 2014 دا. ئەم ڕێژانە لە ساڵی 2013 بریتی بوونە لە 4.4% بۆ پیاوان و 17.8% بۆ ئافرەتان و لە ساڵی 2012 ـشدا بریتی بوونە لە 5.2% بۆ پیاوان و 22.0% بۆ ئافرەتان.

هەروەها لە ساڵی 2014، بە گشتی لە هەرێمی کوردستاندا تێکڕای ڕێژەی ئەو کەسانەی بە کارکەری تەواو ئەژمار دەکرێن بریتی بووە لە 92.31% لە کۆی ئەو کەسانەی کە بەشدارن لە هێزی کاردا. ئەم نیشاندەرە لە ناو پیاوان ڕێژەی 94.85% و لە ناو ئافرەتانیشدا ڕێژەی 79.83% ی تۆمار کردووە (بڕوانە خشتەی 1). بۆ تەواو کردنی باسەکە، پێویستە ئاماژە بە ڕێژەی کارکەرانی نیوەچڵی-ش بکەین. هەر بە پێی زانیارییەکانی ڕووپێوەکە، ڕێژەی کەسانی کارکەری نیوەچڵ بە گشتی لە سەر ئاستی هەرێمی کوردستان 1.15% بووە بەڵام ڕێژەکە لە ناو پیاوان 1.28% و لە ناو ئافرەتانیشدا 0.54% بووە (بڕوانە خشتەی 1).

لە ڕووی دابەش بوونی ڕێژەکانی چۆنیەتی پەیوەندی بە هێزی کار لە پارێزگاکاندا، ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە ئەوە نیشان دەدەن کە لە ساڵی 2014 دا لە پارێزگای هەولێر بەشدار بووانی هێزی کار، بە گشتی، بریتی بوون لە 94.21% کارکەری تەواو، 1.20% کارکەری نیوەچڵی و 4.56% بێکار. ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای هەولێر بۆ هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ بریتییە لە 2.92% و 13.95%، بە ڕیزبەند. لە کاتێکدا کە ڕێژەی کارکەری تەواو بە پێی ڕەگەز بریتی بووە لە 95.81% لە نێو پیاوان و 85.26% لە نێو ئافرەتاندا (بڕوانە خشتەی 2).

لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەی بەشدار بووانی هێزی کار، بە گشتی، بریتی بووە لە 91.77% کارکەری تەواو، 0.68% کارکەری نیوەچڵ و هەروەها 7.55% بێکار. هەر بە پێی ئەم ئەنجامانە، ڕێژەی بێکاری لە پارێزگای سلێمانی بۆ پیاوان 3.47% و بۆ ئافرەتانیش 23.04% بووە. بۆ بەشدار بووانی هێزی کار، ئەوانەی کە کارکەری تەواو بوونە، ڕێژەکە بۆ پیاوان 95.76% و بۆ ئافرەتانیش 76.65% بووە (بڕوانە خشتەی 3).

سەبارەت بە پارێزگای دهۆک، بە گشتی ڕێژەی بەشدار بووانی هێزی کار، بە پێی ئەنجامەکان، بەم شێوەیە بووە: 90.03% کارکەری تەواو، 1.98% کارکەری نیوەچڵ و 8.00% بێکار. ئەم دابەش بوونە، لە سەر ئاستی ڕەگەز لە پارێزگای دهۆك بریتی بووە لە 91.71% کارکەری تەواو لە نێو ڕەگەزی نێر و 78.74% کارکەری تەواو لە نێو ڕەگەزی مێ، 2.16% کارکەری نیوەچڵ لە نێو ڕەگەزی نێر و 0.70% لە نێو ڕەگەزی مێ و 6.13% ڕێژەی بێکاری بووە لە نێو پیاوان و 20.56% ڕێژەی بێکاری بووە لە نێو ئافرەتان (بڕوانە خشتەی 4).

چارتی 4: دابەشبوونی کەسانی بەشدار لە هێزی کار بە پێی جۆری پەیوەندیان بە هێزی کار و پارێزگا - 2014




هەر بە پێی ئەو ئەنجامانە، ڕێژەی بێکاری لە نێو کەسانی خاوەن بڕوانامەی پەیمانگە و سەرووتردا بریتییە لە 12.41% ئەمە لە کاتێکدایە کە ئەم ڕێژەیە لە نێو کەسانی بێ بڕوانامەدا 3.63% بووە کە کەمترین ڕێژەی بێکارییە لە ڕووی دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی ئاستی خوێندن و بڕوانامە (بڕوانە خشتەی 5).

### 3-1 ئاستی خوێندن

یەکێك لەو بابەتانەی کە لە هێزی کاردا گرنگە دابەش بوونی هێزی کارە بە پێی ئاستی خوێندن و بڕوانامە. بە پێی ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە، 12.41% ی ئەو کەسانەی کە ئاستی خوێندنی زانکۆییان هەیە، واتە دەرچووانی پەیمانگە یان سەرووتر بێکارن و هەروەها نزیکەی 1% ی ئەم چینە کارکەری نیوەچڵین. ئەوەش جێگای ئاماژە پێکردنە کە هەر لەم چینە دا نزیکەی 86% یان لە چالاکن واتە بە هێزی کار ئەژمار دەکرێن. ئەوەی جێگای سەرنجە لەم بابەتەدا، زیاتر لە 96% ی ئەوانەی کە نەخوێندەوارن یا خود هیچ بڕوانامەیەکیان نییە کاریان هەیە و خەریکی کارکردنن و تەنها کەمتر لە 4% یان بێکارن.

ئەگەر لەسەر ئاستی ڕەگەز بڕوانینە ئەو کەسانی خاوەن بڕوانامەی دیپلۆم و سەرووترن، دەبینین لە نێو ئافرەتان دا ڕێژە بێکاری لەم چینە زیاترە لە سێ ئەوەندەی ڕێژەکە لە نێو پیاواندا، واتە 6.15% لە نێو پیاوان و 21.18% لە نێو ئافرەتانی خاوەن بڕوانامەی سەرووتر لە ئامادەیی بێکارن. بێگومان ئەم ڕێژانە لە سەر ئاستی پارێزگاکانیش جیاوازییان هەیە. خشتەکانی 5، 6، 7 و 8 ئەم زانیارییانە بە وردی پیشان دەدەن.




### 4-1 جۆری کارکردنی کەسانی کارکەر

ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە لە ساڵی 2014 دا، بە پێی جۆری کار و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان، 75.61% کەسانی کارکەر بە کرێ کار دەکەن، 5.94% خاوەن کارن، 17.24% بۆ خۆیان کاردەکەن و 1.2% بە بێ کرێ کاردەکەن یان خەریکی فێر بوونن ( بڕوانە خشتەی 25).

سەبارەت بە جۆری چالاکیی ئابووریی شوێنی کار کردن، نزیکەی 30% ی پیاوانی کارکەر لە چالاکییەکانی کارگێڕیی گشتی و بەرگریکردن و ئاسایشدا کار دەکەن و دوای ئەویش چالاکییەکانی بواری بازرگانیی تاك و کۆ و هەروەها بیناسازی بە پلەی دووەم و سێیەم دێن بە ڕێژەکانی 12.83% و 12.02% بە ریزبەند (بڕوانە خشتەی 34).

### 5-1 کەرتی کار

یەکێك لەو جۆرە دابەش بوونانەی کەسانی کارکەر کە گرنگییەکی زۆری هەیە و ڕەنگە شایەنی بایەخ پێدانێکی زۆرتر بێت، دابەشبوونیانە بە پێی کەرتی کار. ئەنجامەکانی رووپێوی کار و بێکاریی ساڵی 2014 ئەوە نیشان دەدەن کە نزیکەی 51% ی کەسانی کارکەر لە کەرتی حکومیدا کار دەکەن، واتە بە شێوەیەك لە شێوەکان فەرمانبەرن و مووچە خۆری حکومەتی هەرێمی کوردستانن. ئەو کەسانەش کە لە کەرتی تایبەت دا کار دەکەن ڕێژەیان زیاترە لە 48% و ئەوانی تریش دابەش بوونەتە سەر کەرتەکانی تری کارکردن (بڕوانە خشتەی 35).

ئەوەی لە خشتەکەدا سەرنجڕاکێشە ڕێژەی ئافرەتانە لە کەرتی حکومی بە دوو دیوی جیاوازەوە. دیوی یەکەم، لە نێو خودی ئافرەتاندا، ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی لە کەرتی حکومیدا کاردەکەن زیاترە لە 79% بە بەراورد لە گەڵ ڕێژەی پیاوان کە نزیکەی 46% دەبێت. دیوی دووەم، ئەگەر لە کۆی ئەو کەسانە بڕوانین کە لە کەرتی

حکومیدا کار دەکەن و بەراوردێکی ڕەگەزییان بۆ بکەین دەردەکەوێت کە زیاتر لە 77% فەرمانبەرانی حکومەت پیاون و ئافرەتان تەنها نزیکەی 33% ی ئەم چینە پێك دەهێنن. ئەگەر هەمان بەراورد بۆ کەرتەکانی تر، واتە کەرتە ناحکومییەکان، بکەین دەبینین کە ڕێژەی ئەو ئافرەتانەی لە کەرتە ناحکومییەکاندا کار دەکەن نزیکە لە 21% بەڵام لە نێو پیاوان ڕێژەکە زیاترە لە 54%.







هەروەها وورد‌بوونەوە لە داتاکان بۆمان دەردەخات کە، هەرچەندە بە جیاوازییەکی کەم لەگەڵ پارێزگاکانی تر، بەڵام بواری کەرتی تایبەت لە پارێزگای سلێمانی فراوانترە لە پارێزگاکانی تری هەرێم.



هەروەك ژمارەكانی دابەش بوونی كەسانی كاركەر بە پێی پیشەی سەرەكی ئەوە دەردەخەن كە زۆرترین ڕێژە لە پیشەی سەرەكی، كە بریتییە لە 21.87%، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو كەسانەی كە لە بواری خزمەتگوزاری و فرۆشتن كار دەكەن و دوای ئەوان كەسانی پیشەیی و شارەزا بە پلەی دووەم دێن كە ڕێژەكەیان بریتییە لە 16.68%. كەمترین ڕێژەی ئەم پۆلێن كردنە كە بریتییە لە 2.26% هی ئەو كەسانەیە كە لە ئاستی بەڕێوەبردندا كار دەكەن (بڕوانە خشتەی 36).

ئەگەر لە ڕووی ماوەی كاركردنی كەسانی كاركەر چاوێك بە داتاكاندا بخشێنین دەبینین كە لە هەرێمی كوردستان 81.61% كەسانی كاركەر لە كارێكی هەمیشەیی دا كار دەكەن و تەنها 11.05% ی كەسانی كاركەر لە كارێكی كاتی و بۆ ماوەیەكی دیاریكراودا كار دەكەن و ئەوانی تر لە جۆرەكانی تری وەك كاری وەرزی، قۆنتەرات یان كاری بە ڕێكەوت دا كار دەكەن (بڕوانە خشتەی 37).

### 6-1 داهاتی مانگانە

خشتەی ژمارە 38، كە تایبەتە بە داهاتی كەسانی كاركەر، نیشان دەدات كە 35.78% كەسانی كاركەر ئاستی داهاتی مانگانەیان لە نێوان 500,000 بۆ كەمتر لە 750,000 دیناری عێراقییە كە ئەمە بەرزترین ڕێژەیە لە نێو گروپەكانی تری داهاتدا. بە پلەی دووەم، ئەو كەسانە دێن كە داهاتیان لە نێوان 750,000 بۆ كەمتر لە 1,000,000 دیناری عێراقییە و ڕێژەی 18.10% یان تۆمار كردووە. دواتر و بە پلەی سێیەم، واتە 17.57%، ئەو كەسانەن كە داهاتیان لە نێوان 1,000,000 بۆ كەمتر لە 1,500,000 دیناری عێراقییە و پلەی چوارەمیش، كە جیاوازییەكی زۆر كەمی هەیە لەگەڵ پلەی سێیەم، هی ئەو كەسانەیە كە داهاتیان لە نێوان 250,000 بۆ كەمتر لە 500,000 دیناری عێراقییە و ڕێژەی 17.45% یان تۆمار كردووە. بەم پێیە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە كە لە هەرێمی كوردستان دا نزیكەی 89% كەسانی كاركەر داهاتی مانگانەیان كەمترە لە 1,500,000 دیناری عێراقی.

چارتی 9: دابەشبوونی كەسانی كاركەر بە پێی گروپەكانی داهاتی مانگانە - 2014



ئەگەر چاوێك بە خشتەكەدا بخشێندرێت و بەراوردێك لە نێوان پارێزگاكان دا بكرێت، دەردەكەوێت كە پارێزگای سلێمانی بەرزترین رێژەی گروپی داهاتی كەمتر لە 250,000 دیناری عێراقیی هەیە و رێژەكەش 4.57% و هەولێر و دهۆكیش بە جیاوازییەكی كەم لەگەڵ یەكتر، و هەروەها لەگەڵ سلێمانی، بە پلەی دووەم و سێیەم دێن بە رێژەكانی 4.07% و 4.05%، بە ریزبەند (بڕوانە خشتەی 38).

چارتی 10: دابەشبوونی كەسانی كاركەر لە كەرتی حكومی بە پێی گروپەكانی داهاتی مانگانە - 2014




هەروەك لە هەمان خشتەی باس كراو لە سەرەوەدا، دەردەكەوێت ئەو كەسانەی كە لە كەرتی حكومیدا كار دەكەن و داهاتی مانگانەیان لە نێوان 500 هەزار بۆ 750 هەزار دیناری عێراقییە رێژەكەیان نزیكە لە 34% و دوای ئەوەش ئەو كەسانەی لە كەرتی حكومیدا داهاتیان لە نێوان یەك ملیۆن بۆ یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار دایە رێژەی زیاتر لە 23% پێكدەهێنن. ئەمە لە كاتێكدایە كە لە كەرتە ناحكومییەكانیشدا، بەرزترین رێژەی كەسانی كاركەر، واتە نزیكەی 37.6%، هەر لە هەمان گروپی داهاتی 500 هەزار بۆ 750 هەزار دیناری عێراقییە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە ئەو كەسانەی لە كەرتە ناحكومییەكاندا كار دەكەن و داهاتی مانگانەیان لە نێوان 250 هەزار بۆ كەمتر لە 500 هەزار دیناری عێراقییە بە رێژەی نزیكەی 4.57%، بە پلەی دووەم دێن.

### 7-1 كاتژمێرەكانی كاركردنی هەفتانە

كاتژمێرەكانی كاركردن یەكێكە لە نیشاندەرە گرنگەكانی بواری هێزی كار. بە پێی ئەنجامەكانی ڕووپێوی كار و بێكاریی ساڵی 2014، ئەو كەسانەی كە لە نێوان 35-45 كاتژمێر لە هەفتەیەكدا كاردەكەن بەرزترین رێژەیان هەیە لە نێو كەسانی كاركەر لە هەرێمی كوردستان دا كە بریتییە لە 44.15%. لە كاتێكدا كە ئەو كەسانەی كاتژمێرەكانی كاركردنی هەفتانەیان لە نێوان 20-35 كاتژمێر دایە بە پلەی دووەم دێن بە رێژەی 17.97%. ئەوەی شایانی هەڵوەستە لەسەر كردنە ئەو كەسانەن كە لە یەك هەفتەدا 70 كاتژمێر یان زیاتر كاردەكەن و رێژەیەكی بەرزیان هەیە و 8.85% كەسانی كاركەر پێكدەهێنن. ئەمە بەو واتایە دێت كە ئەم كەسانە

رۆژانە بەلای کەم 10 کاتژمێر کار دەکەن و هیچ پشوویەکیان نییە. ئەگەر بێت و رۆژێکی هەفتە بە پشوو دابندرێت ئەوا کۆی کاتژمێرەکانی کار کردنی رۆژانە بۆ ئەو کەسانە دەبێتە زیاتر لە 11.5 کاتژمێر. رەنگە ئەم حالەتە زیاتر بۆ ئەو کەسانە دەگەڕێتەوە کە کاری تایبەتی خۆیان هەیە و دوورن لە کاری حکومی یاخود کاری رێکخراوەکان کە پابەندن بە ستانداردەکانی کاتژمێرەکانی کار کردن کە، بە شێوەیەکی گشتی، بریتییە لە 8 کاتژمێر لە رۆژێکدا (بڕوانە خشتەی 41).



# دەروازەی دووەم

## میتۆدۆلۆجی و کوالێتی

### 1-2 پرسیارنامە

پرسیارنامە (فۆرم) ی ئەم ڕووپێوە وەکو ئامرازی سەرەکیی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری ئەژمار دەکرێت و لەسەر بنەمای ڕاسپاردەکانی ڕێکخراوی نێودەولەتیی کار (ILO) داڕێژراوە و تیایدا هەوڵدراوە ڕەچاوی تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستانیش بکرێت. هەروەها گشت تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی قۆناغەکانی کاری مەیدانی، وردبینی کردن، و چارەکردن و شیکردنەوەی زانیارییەکان لە خۆ دەگرێت. پرسیارنامەکە لە چەند تەوەرێك پێکهاتووە کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

### 1-1-2 زانیارییەکانی پێناسەکردن

ئامانجی سەرەکیی ئەم تەوەرە دەستنیشان کردنی ئەو زانیارییانەن کە هەر خێزانێك پێیان دەناسرێتەوە کە بریتین لە چەند بابەتێکی وەك دابەشکردنەکانی داڕشتنی نموونە وەکو ژمارەی بوار، پارێزگا، قەزا، ناحیە، ناو و نمرەی گەڕەك یان کەرت، نمرەی بینا، نمرەی خێزان لە بوار، ناوی سەرۆك خێزان و ژمارەی ئەندامانی خێزانەکە، ئەنجامی چاوپێکەوتن، هتد.

### 2-1-2 تۆماری خێزان

ئەم تەوەرە چەند زانیارییەکی گشتگیری دیمۆگرافی و کۆمەڵایەتیی خێزان دەگرێتە خۆی کە هەندێك لەوان بریتین لە ناوی سیانی ئەندامانی خێزان، پەیوەندیان بە سەرۆکی خێزان، تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن، جۆری بڕوانامە، باری هاوسەرگیری هتد.

### 3-1-2 دۆخی کار

ئەمە تەوەری سەرەکی و مەبەستی ڕووپێوەکەیە کە خۆی لە چوار بەشی گرنگ پێکهاتووە کە بریتین لە بەشداری کردن لە هێزی کار، حاڵەتەکانی کارنەکردن، حاڵەتەکانی کارکردن و کاری پچڕ پچڕ. پرسیارەکانی ئەم چوار بەشە لە گشت ئەو کەسانە دەکرێت کە تەمەنیان 12 ساڵان و سەرووترە و ئامانجەکەشی کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر جۆری پەیوەندیی تاکەکان بە بازاڕی کار و گرنگترین تایبەتمەندییەکانی وەکو دۆخی کار، چالاکیی ئابووری، شوێنی کارکردن و چەندەها نیشاندەری تری تایبەت بە هێزی کار.

### 4-1-2 کۆنترۆڵی جۆری

بۆ دڵنیا بوون لەوەی کارەکان لە ڕووی مەیدانی و مەکتەبییەوە بە دروستی و لەسەر ڕێڕەوی خۆیان و بە پێی ئەو ڕیزبەندە بەڕێوە دەچن کە پرسیارنامەکە پەیڕەویان دەکات، کە بریتین لە کۆکردنەوەی داتا، ووردبینی مەیدانی، ووردبینی مەکتەبی، هێماندن (تەرمیز)، داگرتنی داتاکان، ووردبینی کۆتایی دوای داگرتن، هەڵگرتنی داتاکان، بۆ هەریەك لەم قۆناغانە چەند کۆت و ڕێسایەك داندراون تاکو ئیشەکان بەبێ گرفت بەئەنجام بگەن.

## 2-2 چوارچێوە و نموونە

### 1-2-2 گشتگیربوون (كۆمەڵگەی لێكۆڵینەوە)

كۆمەڵگەی ئامانج لە گشت ئەو كەسانە پێكدێت كە لە تەمەنی 12 ساڵان و سەرووترن و بە شێوەیەكی ئاسایی نیشتەجێی هەرێمی كوردستانن.

### 2-2-2 چوارچێوەی نموونە

چوارچێوەی نموونەی ڕووپێوەكە لەو چوارچێوە گشتییە وەرگیراوە كە لە ساڵی 2009 و بۆ مەبەستی خۆ ئامادەكردن بۆ سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان، كاری نوێ كردنەوەی بۆ كرا و بریتییە لە 1,292,297 بلۆك لە سەرتاسەری هەرێمی كوردستان. هەر بلۆكێك هەموو یان بەشێك لە شوێنێك (كە گەڕەك یان گوند دەبێت) لە خۆ دەگرێت واتە ئەكرێت گەڕەكێك یان گوندێك بەسەر یەك بلۆك یان زیاتر دابەش كرابێت. لە چوار چێوەی نموونەی ڕووپێوی كاروبێكاریدا بلۆكەكان وەكو یەكینەی سەرەتایی وەرگرتنی نموونە وەرگیراوە و یەكینەی دووەمی وەرگرتنی نموونەكەش بریتییە لە خێزانەكان. لە نێوان بلۆكەكاندا 700 بلۆك هەڵبژێردراون كە هەر یەك لەم بلۆكە هەڵبژێردراوانە بە "هێشوو" ناو دەبردرێن. دواتر لە هەر هێشوویەكدا 10 خێزان هەڵبژێردراون و چاوپێكەوتنیان لەگەڵدا كراوە بۆ وەرگرتنی زانیاریی پێویست.

### 3-2-2 قەبارەی نموونە

قەبارەی نموونەكە بریتییە لە 14000 خێزان بە گشتی، واتە لە هەر گەڕێكی ڕووپێوەكەدا 7000 خێزان دەست نیشان كراون.

### 4-2-2 دانانی نموونە

نموونەكەی ئەم ڕووپێوە لە سەر ئەو بنەمایە هەڵبژێردراوە كە پەیمانگەی لێكۆڵینەوە و پێشخستنی ئەمریكی (Research and Development Corporation (RAND)) لە ساڵی 2012 بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوی هێزی كار لە هەرێمی كوردستان دایڕشتووە. شێوازی هەڵبژاردنی نموونە لەم ڕووپێوە جیاوازە لەگەڵ گشت ڕووپێوەكانی تر. لە هەموو ڕووپێوەكاندا، ژمارەی ئەو خێزانانەی كە لە هەر قەزایەك هەڵدەبژێردرێن لە گشت قەزاكاندا یەكسانە، بەلام لە ڕووپێوی كار و بێكاریدا هەوڵ دراوە لە هەر قەزایەك بە پێی قەبارەی قەزاكە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە خێزان بۆ نموونەكە هەڵبژێردرێن. بۆ ئەم مەبەستەش قەزاكان بە پێی قەبارەی دانیشتوانیان پۆلین كراون و دواتر بۆ هەر گرووپێك ژمارەی ئەو خێزانانە دەست نیشان كراون كە بەشدار دەبن لە ڕووپێوەكەدا كە لە نێوان 160 بۆ 400 خێزان بووە. واتە، لە سەنتەری پارێزگاكانی هەولێر، سلێمانی و دهۆك كە گەورەترین قەزاكانن لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە، 400 خێزان هەڵبژێردراون كە بە زۆرترین ژمارەی خێزانی هەڵبژێردراو لە نێو قەزاكان دادەنرێت. كەمترین ژمارە خێزانی هەڵبژێردراو لەو قەزایانەی كە لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بچووكن، بۆ نموونە قەزای ڕەواندز لە پارێزگای هەولێر و قەزای ماوەت لە پارێزگای سلێمانی، بریتییە لە 160 خێزان.

### 5-2-2 سوڕانەوەکانی نموونەی رووپێو

لەبەر ئەوەی ئەم رووپێوە دەکرێت لە ساڵێکدا زیاتر لە جارێك ئەنجام بدرێت بۆیە پێویستە بەشێك لە نموونەی رووپێو لە جارێکەوە بۆ جارێکی تر بەشداری پێ بکرێتەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت رێچکەی گۆڕانکارییەکان چاودێری بکرێن و ون نەکرێن. ئەم شێوازی گۆڕانکاری لە نموونەی رووپێودا پێی دەوترێت "سوڕاندن". لە هەر جارێکی رووپێودا، نیوەی نموونە کە دەکاتە 3500 خێزان لە نموونەکە دەردەکرێن و خێزانی نوێ لە جیاتی دادەنرێت. بەم شێوەیە لە هیچ جارێکی رووپێوەکەدا نموونەکە بە تەواوی ناگۆڕدرێت و هیچ جارێکیش نموونەکە وەك ئەوەی جاری پێشووتر نییە و لە جاری سێیەمدا ئیتر هیچ خێزانێکی ئەو نموونەیەی کە بۆ جاری یەکەم هەڵبژێردرا نامێنێت و جاری دوای ئەویش هیچ خێزانێکی جاری دووەم نامێنێت و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت.

### 3-2 ئەژمارکردنی کێشەکان

بۆ ئەوەی بتوانین ئەنجامەکانی هەر رووپێوێك کە لە سەر نموونەیەکی کۆمەڵەیەك دەکرێت بەسەر گشت کۆمەڵەکەدا بگشتێنین، پێویستە ئەوە بزانین کە ئایا هەر کەسێکی نموونەکە نوێنەرایەتیی چەند کەسێکی کۆمەڵە گشتییەکە دەکات. ئەم کارە پێی دەوترێت کێش کردن و بۆ ئەم مەبەستەش چەند یاسا و رێسایەکی تایبەت هەن کە بەکار دەهێنرێن و کێش کردنەکە ئەنجام دەدرێت.

### 4-2 کاری مەیدانی

کاری مەیدانی بە گرنگترین قۆناغی هەر رووپێوێکی ئاماری ئەژمار دەکرێت بۆ کۆکردنەوەی داتا لە سەرچاوە بەراییەکان. هەر لەبەر ئەمەیە کە گەرەنتی کردنی هۆکارەکانی سەرکەوتن لەم قۆناغەدا لە بابەتە هەرە بنەڕەتییەکانە کە بە شێوەیەکی وورد و قوڵ کاری لەسەر دەکرێت. رۆژەکانی کارکردن لە مەیدان بۆ ئەم رووپێوە 30 رۆژە، ئەم کارە گشت پێداویستییە تەکنیکی و کارگێڕییەکانی کارەکە لە خۆ دەگرێت لەوانەش کردارەکانی دەستنیشان کردن و راهێنان و دابین کردنی پێداویستییە مادییەکان ئەوانەی کاردەکەنە سەر هەرچی باشتر بەڕێوەچوونی کارە.

### 1-4-2 راهێنان و دەستنیشانکردن

لە گشت گەڕەکانی ئەم رووپێوە خولی راهێنان بۆ ئەو کەسانە دەکرێت کە بۆ جاری یەکەم بەشدار دەبن لەم رووپێوەدا و کاری کۆکردنەوەی زانیاری ئەنجام دەدەن. جگە لەمەش، خولی وەبیرهێنانەوە بۆ ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە لە گەڕەکانی پێشووتر بەشدار بوونە لە کرداری کۆکردنەوەی داتا لە مەیدان و پێشنەیەکیان لەم رووپێوەدا هەیە. ناوەڕۆکی راهێنانەکان لەسەر ئەو رێکار و میکانیزمانەیە کە لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا پێویستن بۆ ئەوەی کارەکە بە باشترین شێوە و لە کەمترین کاتی پێویستدا بە ئەنجام بگات.

ئامانجی ئەم راهێنانانە بریتییە لە ئاگاداربوونی راهێنراوان لەسەر سیستەمی رووپێوە مەیدانییەکان و مەنهەجی لێکۆڵینەوە. هەروەها کورتەیەك لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی نموونەی رووپێوەکە بۆ ئەو کەسانە باس دەکرێت کە بەشدار دەبن لە راهێنانەکاندا. تایبەتمەندییەکانی رووپێوی هێزی کار و لەگەڵیشیدا چەمکە سەرەکییەکان، چۆنیەتی چوون بۆ مەیدان، شێوازی هەڵسوکەوت لەگەڵ خێزانە هەڵبژێردراوەکان و ئەو ژینگەیەی کە رووپێوەکە تیایدا ئەنجام دەدرێت بەشێکن لە بابەتەکانی خولەکانی راهێنان. بەشێکی تری خولەکانی راهێنان کە

گرنگییەکی تایبەتیی هەیە و کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کوالێتیی داتاکان بریتییە لە ڕێکارەکانی پەیوەندی درووست کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا دەکرێت و هەروەها چۆنیەتی ووردبینی کردنی زانیارییەکان هەم لە مەیدان و هەم دوای گەڕانەوە لە مەیدان و بە شێوەی مەکتەبی. باش بەڕێوەبردنی خوڵەکانی ڕاهێنان و پوختە و توکمە بوونی وانەکان و بابەتە گرنگەکانی نێو خوڵەکان هۆکاری هەرە سەرەکین بۆ هەبوونی داتای ڕێك و درووست. ئەمەش یەکێکە لە پێداویستییەکانی هەبوونی نیشاندەری ڕاستەقینە کە ڕەنگدانەوەی واقعی نێو کۆمەڵگا بێت.

### 2-4-2 هێماندن (تەرمیز)

هێماندن یەکێکە لەو قۆناغانەی کە لە زۆربەی ڕووپێوەکاندا گرنگییەکی زۆری هەیە. لە ڕووپێوی کار و بێکاریدا، کە ئێستا بەڕێوە دەچێت، هێماندن ڕۆڵێکی زۆر گەورە و کاریگەری پێی نەدراوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بابەتی پیشە و چالاکیی ئابووری کە گرنگترین و سەرەکیترین ئەو بابەتانەن کە لە ڕووپێوی کار و بێکاریدا پێویستیان بە هێماندن هەیە، بە شێوەیەکی کورتکراوە ڕێکخراون و هێماکانیان لە لیستێك لەگەڵ دەفتەری پرسیارنامە هاوپێچ کراو و کەسی توێژەر یان سەرپەرشتیارەکەی یان ووردبین بە سوود وەرگرتن لەم لیستە ئەتوانن ڕاستەوخۆ هێمای پیشە یان چالاکیی ئابووریی کەسەکان بدۆزنەوە و بەکاری بهێنن. هۆکاری ئەمە ئەوەیە کە پیشە و چالاکیی ئابووری لەم ڕووپێوەدا کە پشت بە پۆلینی نێودەولەتیی پیشەکان 2008 (ISIC 2008) دەبەستێت، لە ئاستی سێیەم دابەزێندراون. بەم پێیەش ووردەکاریی زۆری تێدا نییە و لە لیستێکدا کۆکراون و هاوپێچی پرسیارنامەکە کراون.

## 5-2 داگرتن و چارەکردنی داتاکان

### 1-5-2 داگرتنی داتاکان

داتا کۆکراوەکانی ئەم ڕووپێوە دوای ئەوەی ووردبینیی مەکتەبی بۆ پرسیارنامەکان کرا و دڵنیا بوونەوە لەوەی بە ڕاست و درووستی پڕ کراونەتەوە، دەچن بۆ قۆناغی دواتر کە بریتییە لە داگرتن لە کۆمپیوتەر. پرۆگرامی داگرتنی داتا لە دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بە سوودوەرگرتن لە پرۆگرامی CSPro کە تایبەتە بە داگرتنی داتا، لە بەشی شیکردنەوەی داتاکان دادەنرێت و دواتر دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار کە کاری داگرتنی داتاکان لەوێ ئەنجام دەدرێت. سروشتی پرۆگرامەکانی داگرتنی داتا بەجۆرێکن کە ئەوانیش جۆرە وردبینییەکی داتاکان دەکەن و ئەمەش بە یەکێك لە بازگەکانی کۆنترۆڵی جۆریی داتاکان ئەژمار دەکرێت. بۆ نموونە ئەو پرسیارانەی کە پێویستە باز بدرێن یان ئەو پرسیارانەی کە بۆ ڕەگەز یان تەمەنێکی تایبەت داندراون یان ئەو حالەتانەی لە پرسیارێك دا هەن کە وەڵامدانەوەیان گرێدراوە بە هەندێك تایبەتمەندیی ئەو کەسەی داتاکانی لێوەردەگیرێت، ئەگەر بێت و بە ڕاست و درووستی پڕ نەکرابنەوە و هەڵەیان تێدا کرابێت، ئەکرێن لە پرۆگرامی داگرتنی داتاکاندا کۆنترۆڵ بکرێن و ڕێگا لە هەڵەکان بگیرێت و چاك بکرێنەوە، ئینجا لە کۆمپیوتەر دابگیرێن.

### 2-5-2 چارەکردنی داتاکان

چارەکردنی داتاکان قۆناغی بەر لە شیکردنەوەی داتاکانە. دوای داگرتنی داتاکان ئەبێت سەیری داتاکان بکرێت بە گشتی، کە ئایا وەڵامەکان لە ئاستێکی باوەڕ پێکراو و جێگای متمانەدان یان نە. هەروەها ئەبێت ئەو

حالەتانەش بدۆزرێنەوە کە ئەبوایە وەلامیان هەبێت بەلاَم وەلاَم نەدراونەتەوە، یاخود بە پێچەوانەشەوە. ئەو وەلاَمانەش کە لە ئاستێکی مەعقوولدا نین دەست نیشان دەکرێن و پێداچوونەوەیان بۆ دەکرێت. بۆ نموونە ئەگەر ئەو حالەتانەی تەمەنی هاوسەرگیری کەمتر بێت لە 15 ساڵان ڕەنگە پێویستی بە پێداچوونەوەی داتاکان هەبێت بە تایبەت ئەگەر ئەم حالەتانە لە یەك شوێن ڕوویاندابێت یان لە لایەن یەك یان چەند توێژەرێکی دیاریکراو ڕوویان دابێت. گشت ئەم حالەتانە کە بە زانستی یان مەعقوول داناندرێن دوای تەواو بوونی داگرتنی داتاکان لە ڕێگای ڕاپۆرتی تایبەت کە لە ڕێگای پرۆگرامەکەی داگرتنی داتاکان ئامادە دەکرێت دەست نیشان دەکرێن و هەوڵی ڕاستکردنەوە و چارەکردنیان دەدرێت بەر لەوەی داتاکان بچن بۆ قۆناغی خشتاندن (Tabulation) و شیکردنەوەی ئاماری(Statistical Analysis).

### 6-2 کوالێتیی داتاکان

کوالێتیی داتاکان پانتاییەکی فراوان لە خۆ دەگرێت. ئەم پانتاییە لە پلانی سەرەتایی ڕووپێو دەست پێدەکات و لە چۆنیەتیی بلاَو کردنەوە و تێگەیشتنی داتاکان و سوود وەرگرتن لێیان کۆتایی دێت. کوالێتیی ئاماری خاوەنی حەوت ڕەهەندە کە بریتین لە: هەبوونی پەیوەندی بە واقع، ووردی، لەکاتی خۆیدا بوون، توانای گەیشتن بە ئامانج، توانای بەراوردکاری، جێگیربوون و بەهێزی، تەواوکاری.

### 7-2 ووردبوونی داتاکان

لە گشت ڕووپێوێکدا، ڕوودانی هەڵە هەیە و ناشتوانرێت نکۆڵی لە هەبوونی هەڵە بکرێت بەلاَم ڕێگا چارەی زانستیی جۆراوجۆر هەن بۆ کەم کردنەوەی ڕێژەی هەڵە لە کارە ئامارییەکاندا. لە هەر ڕووپێوێکدا دوو جۆرە هەڵە هەن، هەڵەی ئاماری و هەڵەی نائاماری.

#### 1-7-2 هەڵەی ئاماری

هەڵەی ئاماری بریتییە لەو هەلاَنەی لە کاتی هەڵبژاردنی نموونە ڕوودەدەن. هەروەك گشت ڕووپێوەکان، ڕووپێوی کار و بێکاریش دوور نییە لە هەڵەی ئاماری. یەکەمین و گرنگترین ئەو هەلاَنە بریتییە لە نەبوونی چوارچێوەیەکی ئاماریی تەواو و نوێ کراوە بۆ هەڵبژاردنی نموونەیەکی ڕێك و پێك. ئەم چوارچێوەیە لە ڕێگای سەرژمێرییەکانەوە بەدەست دێت و دواتر نوێ کردنەوەی بۆ دەکرێت. لەم ڕووپێوەدا بەو پەڕی تواناوە هەوڵدراوە لەم هەڵەیە بەدوور بێت. چوارچێوەی سەرەکیی ئەم ڕووپێوە لە ئەنجامەکانی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانانی ساڵی 2009 وەرگیراوە و دواتر هەوڵ دراوە بە سەردانیکردنی مەیدانی ناوی ئەو خێزانانە نوێ بکرێنەوە کە لە چوارچێوەکەدا هەبوون و لیستێکی نوێی ئەو خێزانانە دەستەبەر بکرێت کە لەواقعدا هەن و لە کاتی ڕووپێوەکەدا لەو شوێنانە دەژین کە نموونەکە لێیان هەڵدەبژێردرێت. کەواتە توانراوە لە بەشێکی هەڵەکە بەدوور بین ئەویش نوێ کردنەوەی چوارچێوەکەیە و ئەمەش خاڵێکی بەهێزە بۆ هەڵبژاردنی نموونەی ڕووپێو، بەلاَم بەشێکی تری گرفتەکە کە نەتوانراوە بەلاوە بنرێت و کاریگەریی هەبووە لەسەر نموونەکە بریتیە لە نەبوونی ئەو گوند و گەڕەکانەی کە دوای پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەدانانی ساڵی 2009 بنیات نراون.

#### 2-7-2 هەڵەی نائاماری

هەڵەی نائاماری ئەو هەلاَنەن کە لە لایەن تیمەکانی کاری مەیدانی یان ئامرازەکانی ڕووپێوەکانەوە ڕوودەدەن. گرنگترین هەڵەکانی نائاماری بریتین لە سەرنەکەوتنی چاوپێکەوتن بە هەر هۆکارێك بێت وەکو ئامادە نەبوون بۆ

